

# کەلێن

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

هەفتەیەک کەمتربوو باوکم نەگەڕابۆوەماڵەوە، یان ڕاستتربوو بڵێم هەفتەیەک کەمتربوو کە باوکم ون بووبوو و هیچ سەر و سۆراغێکی بە هیچ لا و شوێنێکەوە دیار نەمابوو کە ئەوەشیان لە ڕەفتاری ئەوی نەدەکرد، چونکە باوکم تایبەتمەندییەکی لە ژیانیدا هەبوو و ئێمەشی لەسەر ئەو تایبەتمەندییە ڕاهێنابوو، ئەویش ئەوەبوو کە بۆ هەر جێگایەک، شوێنێک، گەشتێک بڕۆیشتبایە، سەرسەدە و ڕێگە و جێگەی بۆ دیار دەکردین، چونکە دەیگوت دنیا مەرگ و مردنە ئەگەر لەو گەشتە، یان لەو شوێنە نەگەڕامەوە، ئەوە ڕێ و شوێنەکەم دیارە، دەبێتە نەخشە و ڕێ نیشاندەر و دەتوانن سۆراغکردن لەکاتی پێویستدا ئاسان بێت.

پێش ونبوونەکەی، یان نەگەڕانەوەکەی، قسەیەکی لای دایکم، لای من کە کوڕە گەورەی بووم نەکردبوو، کە نیەتی گەشتێک، چوونە شوێنێک، یان سەردانێک بۆ شار و مەفتەنەکەی نەدرکاندبوو، وەک هەموو ڕۆژانی پێشووی، بۆ چێشتخانەکەی ڕۆیشتبوو، ئەو ڕۆیشتنە و ئەوە چەند ڕۆژێکە سەری بە ماڵەوە دا نەکردۆتەوە و لێمان ون بووە.

دڵی خۆم بەوە لە هەموو ئەگەرێکی ناخۆش دەپەڕاندەوە و قوتار دەکرد و دەمگوت خۆ دەبێت جارێ لە جاران بێ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە، سەفەرێک بکات، یان ڕێکەوت کارێکی کوتوپڕی بۆ هێنابێتە پێشێ و نەپرژابێتە سەر ئەوەی وەک جاران ڕێ و جێگەی خۆیمان پێ بڵێت، وەلێ ئەوەی ڕاستی بێت ئەم هەنجەتەم لە پێش وەسوەسەی دڵ و دەروونمدا زۆر خۆی ڕانەدەگرت و دەڕەوییەوە، کە دەچوومەوە ماڵەوەش ڕەفتار و قسەکانم بەرانبەر دایک و خوشک و براکانم هەمووی قۆپیەکردن بوو.

کاتێ باوکم بە کارێک، یان گەشتێکی خێزانیمان بکردایە، جەمیلی دەستەڕاستی کە لە دوای ئەوەوە هەڵسوڕێنەر و چاوی چێشتخانەکەبوو، ئەوە ئەو جێگەی دەگرتەوە و نەیدەهێشت چێشتخانە و ڕاپەڕاندنی کار و پێویستییەکان بێ

باوکمیان پێوە دیار بێت، هەموو کارەکانی لە ئەستۆی خۆی دەگرت، بوونی باوکم لە چێشتخانەکە هەروەک بوونی کێخوایەک بوو لە گوندێک، کاری وی کە دەچووە ئەوێ، تەنیا سۆسەکردنی کارەکان، موشتەرییەکان و چۆنێتی هەڵسووڕاندنی کارەکان و چاوی بەسەر کرێکارەکانەوە دەبوو، گوێ قوڵاغ و چاوکراوەبوو بۆ گلەیی موشتەرییەکان و پێشنیارەکانیان، بەو ڕەفتارانەشی بردبوویەوە و سەرکەوتوو بوو و بەقسان ڕێنمایی دەکردن و هیچی دیکە.

منیش بۆ بەدەستهێنانی سەرە داوێک، یەکەم هەنگاوی تاقیبات و سۆراغ کردنەکەیم لەکن جەمیلەوە دەست پێ کرد، سەری نەزانین و بێ ئاگایی لێ بادام و گوتی: هیچ شتێکی لای من نەدرکاندووە و منیش مەزەندەم وابووە کە لای ئێوە هەواڵی جێ هێشتبێت و قسەی خۆی کردبێت. بێ ئاگایی ئەو دڵی تەزاندم و تاساندمی، ئومێدێکم بە جەمیل هەبوو کە باوکم شتێکی پێ گوتبێت، بەڵام ئەمەشیان بووە هۆی سڕینەوەی تەختە ڕەشەی سەردەمی قوتابیەتیم و سڕایەوە! پاشان ئەوەندە قسەشی بۆ قسەکەی پێشوونەی زێدە کرد: ڕەنگ بێت بۆ حەق و حیساب ڕووی لە پایتەخت کردبێت.

قسەکەیم بە هەند هەڵگرت و ڕووم لە پایتەخت کرد کە هەر سەد و پەنجا کیلۆمەترێک لێمانەوە دووربوو.

چەند جارێک وارێکەوتبوو لە گەڵیدا بۆ لای مەعمیلە دوکاندارەکانی هاوسەفەری بووبووم، دەمزانی لە کوێن و دەمناسین، کە سەروسۆراغیم لێیان پرسی، هەموویان یەک وەڵامیان پێ بوو وەک ئاگایان لە یەکتر بێت، یان بۆ وەڵامەکە هەموویان یەک دەمیان هەبووبێت دەیانگوت نەهاتووە و بۆ حەق و حیساباتیش، جەمیل بۆی هاتووە و کردوویەتی، ئێمە دەمێکە حیسابات لەگەڵ ئەودا ناکەین.لێرە نیشانەی پرسیارێکم لەکن دروست بوو!؟

پایتەخت دەریایەک بوو بۆ خۆی، جا وەرە بتەوێت زەلامێک لە نێو ئەو دەریایەدا بۆی بگەڕێیت و دەبێ چۆن چۆنی دەستی پێ بکەیت...! گوتم سەرێکەو هێناومە هەروا سووک و ئاسان ناگەڕێمەوە، وەهام بە چاکزانی لە ڕێی هەندێک دۆست و هاوڕێکانییەوە سەردانی نەخۆشخانەکان و پۆلیسخانە و هەندێک لەو بەندیخانانەشمان کرد کە سۆراغ و پرسی لێ ئاسان و یاساغ نەبوو، ئەو بەندیخانە نهێنییانەش کە پرسین و هەواڵی لێ بە گران و بڤەبوون، هاوڕێ و دۆستەکان بە پارە بۆیان کردم، وەلێ مایەپووچ و بێ وەڵامی ئەرێنی دەرچوون.

سات بە سات ترسی بێ هەواڵی و بێ سەروشوێن بوونی باوکم باری غەمانی قورستر دەکردم، نەمدەزانی کاتێ گەڕامەوە چ قسەیەک بکەم و چ درۆیەک هەڵبەستم، لەگەڵ غەم و دڵساردییەکەی خۆمدا ئەوەم بە مێشکداهات، بڵێی باوکم لەگەڵ دایکم لەسەرجێیکردن و بێ موبالاتی ژناتی دایکم و پشت تێکردنی دڵی نەڕەنجابێت و ئیتر پیاوە و ئۆقرەی لێ بڕابێت و لەبەر هەندێ و لە حەژمەتان سەری خۆی هەڵنەگرتبێت و بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی نێرایەتی کەسنەزانم ڕووی لە تیاترۆخانەکان و مەکۆی ڕابواردن و ئەو ئیشە نەکردبێت، بۆ چوونەکەی خۆم قبووڵ کرد، هەر چەندە ئەمەش لە باوکم نەدەوەشایەوە، وەلێ گوتم هەر هاتووم.. هاتووم، با تاقیباتێکی ئەو شوێنانەش بکەم.

یەکەم شوێن لەوانە کە بۆی چووم، تیاترۆخانەی سەمیرامیس بوو، هەندێ کەس لە چاوساغی ئەوێم دیتن، پێشتر لە ئەم و ئەوم بیستبوو دەمزانی ئەم شوێنانە نهێنی پارێزن، سڕ و تڕی ئەوکەسانەی سەر بەم شوێنانەدا دەکەن، ئاشکرا ناکەن، بۆیە تێم گەیاندن ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێم و لێم ون بووە باوکمە، چەند ڕۆژێکە نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، هیچ نیەت و بەرنامەیەکی خراپ و دوژمنکارانە لە ئارادا نییە، بۆخۆیشی خاوەنی چێشتخانەی (تاموبۆیە) لە خورماتوو، دووریش نییە نانیشتان لەوێکانە خواردبێت، هەندێک پارەشم پێدان و وێنەکەیشم پیشان دان، سەری بێ هەواڵی و نە دیتن و نە ناسینی کەسی وێنەکەیان لێ بادام، گفتم پێدان ئەگەر سۆراغیان بۆ کردم، پارەیەکی چاکیان بدەمێ.

وەک کەسانێکی هاموشۆکەرانی تیاترۆخانەکان بم، سەمیرامیسم جێ هێشت خۆم بە ئۆبرێج دا کرد، لەم تیاترۆخانەیانەوە بۆ ئەوی کەیان، هەمان قسە و گفتم بە چاوساغەکانی ئەوانیش دا، لە بەڕێوەبەر و چاوساغی ئەو شوێنانەوەش ناوی هەندێ مەکۆی ڕابواردنانم لەوانیش وەرگرت و سەرم بە وانیشدا کرد، تێم دەگەیاندن حاڵم وا و باڵم وا و پارەم پێ دەدان، پارە ڕەقان نەرم دەکات و بیروڕای خراپ بەرەواژ دەکاتەوە، بۆیە هیچیان لێ نەدەشاردمەوە، وەلێ هیچیشم لێیان دەست نەکەوت! بەڵام گفتیان پێدام ئەگەر تووشیان بە تووشیەوە بوو، هەواڵ و ناو و نیشانەکەیم پێ بدەن.

کاتێک چاوساغ و بەرپرسەکانی تیاترۆخانەیەک بێ ئومێدیان دەکردم، من خۆم بێ ئومێد نەدەکرد، کە بەرەو

تیاترۆخانەیەکی کە هەنگاوم دەنا، دڵی خۆم دەدایەوە و دەمگوت لەوەی کەیان ئومێد باران دەکرێم و سۆراغیم دەست دەکەوێت، بەم شێوەیە لە گەڕان و سووڕانم بە تیاترۆخانەکان و مەکۆی ڕابواردنەکاندا لە نێو ئومێد و بێ ئومێدیدا دەهاتم و دەچووم.

لەو دەریا شلۆق و جەنجاڵەی پایتەخت وەک بازرگانێکی مایەپووچ کە ڕەواج و نموودی لە نێو خەڵکی بازاڕدا نەمابێت، ئەوهام خۆ هاتە پێش چاو و زەینان، هیچ کەڵک و سوودم لە مانەوەی ئەوێ بۆ نەمابۆوە، هەر ئەو شەوی تاکسییەکی تایبەتم بە کرێ گرت و نزیکەی سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر بەرەو شار و مەفتەنی جەلالی چێشتخانە ڕووەو کوردستان ڕۆیشتم، دوو کاژمێرێک ڕێگاکەمان بڕیبوو کە بە بەردەمی چێشتخانەی تامویۆدا ڕەت بووین، ئەو قەرەباڵغییەی کە لە پێش چێشتخانەکەی خۆمانەوە دیم لە چێشتخانەکانی تردا بوونیان نەبوو، ئەو حەلان دڵم کزەی لێوەهات، لەوێشەوە بە کەمتر لە دوو کاژمێران گەیاندمیە بەردەرکی ماڵی مامەم، شوفێر بەخێر و سەلامەت، منیش بە ئومێدی دیدار، یان هەواڵێکی باوکم، لێک دابڕاین و ترازاین.

کە لەپێش دەرکەکە ڕاوەستابووم، دڵم ناڕەحەت و ناجێگیر و نائارام بوو، گوێم لە ترپە و ڕمبە و قرچە قرچی سووتانی دڵی خۆم بوو، پێچەوانەی دەروونە هەڵچووەکەم کۆڵانەکە کشومات و خامۆش بوو، ئەوەدەمان نە فیتەی حەسحەسێک، نە حەپەی سەگێک، نە میاوە میاوی پشیلەیەک دەهات! واشمزانی قورسایی قەڵاتی شارەکە بەسەر شانمەوەیە، ئەمەش لەغایلە و وەسوەسەی غەم و ترسی ئەو پێشهاتەوە هات کە نەکا جەلالی چێشتخانە لێرەش نەبێت، یان هیچ هەواڵ و سۆراغێکیم دەست نەکەوێت، یان کارەساتێکی بۆ هاتبێتە پێشێ، جارێکی تر بە دوو چاوانم نەیبینمەوە، لە پێش دەرکەکە واخۆم دیتەوە کە باهۆز لە دوورەوە بەحەوادا هەڵیگرتبێتم و سەروەشێنی کردبم و بە ئێرەی گەیاندبم، سەرم بە گێژدا دەچوو، سەرو دڵم تێک هەڵدەچوو، بەرەو بێ هۆشی و بێ ئاگایی، یان ڕاستتربوو بڵێم، خەریک بوو جڵەوی ئەقڵ و هۆشم لەدەست دەربچێت و لە باوکەڕۆ بدەم و لەگەڵیدا تەقولباب بکەم و خۆم بهاوێمە ئامێزی مامەم و تێر تێر بۆ بێ سەروشوێن بوون و ون بوونی باوکم بگریم و غەمی خۆم لە ئامێزیدا دامرکێنمەوە، چەند خولەکێک وەک ئەو سواڵکەرەی بۆ خێرێک لە دەرکەیەک دەدات و دەکەوێتە چاوەڕوانی دەستی خێر و بەزەیی پشت دەرکەکەوە، ئەوها مامەوە.

کە لە پشتی دەرکەکەوە بەدەم چاوەڕوانییەوە لە تێکەولێکەدا بووم، پژمینێکم هات و لە گەڵیدا تەزوویەک سەراپای گیانمی بەبنەخۆدا، وەک یەکێک ڕایچڵەکاندبم، لەخۆ گەیشتمەوە کە بەو درەنگی شەوێیەوە چ هۆیەک منی گەیاندۆتە ئێرە! لە هەناوڕا بە خۆم گوت: ئێرە مەفتەن و شاری خۆنە، سۆراغکردنی باوکم سووک و ئاسانە، بەهۆی سیساڵی پیشەکەیەوە کەسێکی ناسراو و کەسایەتییەکی دیارە، لەو سی ساڵەیدا بەکاری چێشتخانەوە ناو و شۆرەتی وەرگرتبوو، لەوەتەی دەستی ڕاست و چەپەم لێک جودا کردبۆوە، باوکم خەریکی چێشتخانە بوو، لە کۆڕ و دانیشتن و قسەوباسان ئەگەر ناوی بە جەلالی میرزا بهاتایە، کەس نەیدەناسی، کە دەگوترا جەلالی چێشتخانە، ئەوە لە هەموو ناو جەلالەکانی شارەکە جودای دەکردەوە و بووبوو بە نازناوی، ئێستا تەمەنم چل ساڵێکە، نەمزانیوە لە کاری چێشتخانە بەولاوە کارێکی تری بەدەستەوە گرتبێت، پێم وابێت لێرە و لە مەفتەن و شاری خۆی سۆراغکردنی لە ئاوخواردنەوە ئاسانتر بێت.

بەو نیوە شەوە و لەپێش دەرکی ماڵی مامەم ئەو قسانەم بێ ویستی خۆم بۆ هاتنێکی ناوەوەم بوو دەگوترا، فەرامۆشییەکی پێدام و لە دەرکەم دا، چونکە کاتەکەی نەگونجاو بوو، ئەوەی کە دەرکەی لێ واری کردمەوە، مامەم بوو، چاک دەمزانی لەوکاتەی شەوێدا مەزەندەی ئەوەی نەکردووە ئەوەی لە دەرکە دەدات و لەپشت دەرکەکەوەیە برازاکەی بێت، بۆیە بەسەرسوڕمانێکەوە گوتی:"تۆ و ئەم نیوە شەوە!خێربێت "بەدوای قسەکەیەوە خەریک بوو عەمباری قسانم هەڵبوەشێت و هەر لەوێوە ئامێزی تێوەرینم و غەمی ئەو چەند ڕۆژانەی دیارنەمانی باوکم کار لە هەست و سۆزم بکات و بە گریانەوە ڕیسم لێ بکاتەوە خوری و دەمودەست هەڵیڕێژم و بە گۆڕێیان وەربکەم، وەلێ بەزۆر لەخۆ کردنەوە ئەو قسانەی کە لە قووڵایی ناخمەوە عەمبارکرابوون و بەسەریەکەوە قەتیس مابوون، هەر بابای قسەبوو خۆی ڕەپێش دەکرد کە پێش لە ئەوی کەیان بگرێت و زوو دەرچێت و بگوترێت، ئەو دەمان زۆرم لەخۆ کرد و بەرم پێ گرتن و بەرپەرچم دانەوە و لە هەناوی خۆمدا هێشتنمەوەو گوتم "خێر دەبێت مامە "، بەڵام دڵنیاش بووم مامەم لە ناوەختەکە و لە ڕەنگ و سەر و سیمامەوە شتێکی هەڵکڕاندبێت، کە دوو بە دوو چووینە

ژوورەوە هەر تێم ڕادەما، بەقەدەرایی ئەوەندەی یەک دوو قوم لە جغارە بدەیت، هەستی لێ ڕاگرتبووم و هیچی نەگوت، لەوەندە زێتر خۆی بۆ ڕاگیرنەکراو گوتیەوە: کوڕم خێرە بەم نیوە شەوە هاتوویت، ئەم کاتانە نەهی باوکتە و نەهی تۆش، بەدوای باوکمدا هاتووم، چەند ڕۆژێکە دیار نییە، گوتم بەڵکو بۆلای تۆ هاتبێت، یان هەواڵێکی بزانیت، قسەکانم دەتگوت مەنجەڵێک ئاوی سارد بوو پێیدا کرا! سیرەی سەیرکردنی لەمن ترازاند و لە پێشە خۆیەوە ڕاما، پاشان هاتە قسەو گوتی: نەمزانیوە هاتبێت، دوور نییە بۆ لای کۆنە هاوڕێکانییەوە چووبێت، سبەینێ هاوڕێکانی بەسەردەکەینەوە.

***

بەیانییەکەی وەک دەرزیمان ون کردبێت من و مامەم بەدوای هەواڵی باوکم، ئەم هاوڕێ و ئەو هاوڕێمان بەسەرکردنەوە، دەرزیش بوایە دەدۆزرایەوە، وەلێ هیچ هەواڵێک، سەرەداوێک لە جەلالی چێشتخانە لە شارەکەدا نەبوو، بۆ دەرکردنی هیلاکی مێشک و جەستەمان ڕوومان لە چایخانەکەی عەبۆ کرد و لە پەرگەیەکی و لە دووری دانیشتوانی، لەسەر تەختێکی دارینی ڕەق و تەق بەدەم فڕکردنی چایەوە مامەم گوتی: دیسان مەسەلەی گۆڕینە! تەماحیان لە چێشتخانەکەی کردۆتەوە، تەماحیان لە بازاڕی چێشتخانەکەی کردووە و لێیان کڕیوە، ئەویش کاری چێشتخانە لەگەڵ خوێن و مۆخیدا تێکەڵاوبووە و برای خۆمە چاکی دەناسم، داکاسان نازانێت، ئێستا بەدوای شوێنێکی کەوە وێڵە و لە گەڕاندایە تا شوێنێک بدۆزێتەوە چێشتخانەیەکی کەی لێ دابمەزرێنێت، چۆن کاتی خۆی لێرە! دەریانپەڕاند، لە شاری خۆی تەماحیان لە بازاڕی چێشتخانەکەی کرد، دوو دەوڵەمەندی چاوچنۆکی تەماحکار چاوی تەماحیان لە بازاڕی چێشتخانەکەی گیرکرد، خەڵکیان بۆ کڕینی بە گژەوە دەنا، لە پێشدا بۆیان نەهاتبووە ڕایێ، تا بە فاک و فیک و ئاین و ئۆینی خۆیان دوا هەناسەی بازاڕیان بڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشیاندا پارەیەکی مفتەیان پێ نیشاندابوو، ڕۆژ بە ڕۆژیش دەمی کیسەی پارەیان زێتر بۆ واری دەکرد. دەتگوت نانخۆرەکانی چێشتخانەکەیان بەرتیل خۆرکردبوو وردە وردە لێی دەڕەوینەوە، فیتەی حەرامزادەبییان لەگەڵ بەکارهێنا و لە ئاخر و ئۆخریدا چێشتخانەکەیان لێ ڕەزیل و لەبەر چاو هێخست، ئەویش بە پارەیەکی چاکی دانێ، باوکی تۆ و براکەی من فێری نانی چێشتخانە بووە، دەتوانم بڵێم شارەکەشیان لە پێش چاو تاڵ کرد، ڕووی لە خورماتوو کرد و لەوێکانەش دەتگوت لە دنیا تووڕەبووە لە دووری هەموو چێشتخانەکانی سەر ڕێگای پایتەخت، زەویەکی پەیدا کرد و بیناکەی ئێستای بەداو و دڵی خۆی دروست کرد، سەرم لێی دا چێشخانەکەی زۆر بێ ڕەواج و بێ بازاڕ بوو، هەر هەمان ناوی چێشتخانەکەی ئێرە (تامۆبۆ)ی لێ نابۆوە، جەلال ئەوەی باشە کۆڵ نادات، ماندووبوون و وەڕسی لە ئیشی خۆی نازانێت و زۆریشی لێ داهێنەر و پسپۆڕە.

دوای دوو مانگ سەردانێکی تریم کردەوە، لەو پڕ ئیشی و قەرەباڵغییەی سەرم سوڕما، پێڕانەدەگەیشتن خەڵکی بەڕێ بکەن، دوو سێ کرێکار تەنیا لە دەرەوە ئیشیان ئەوەبوو ئۆتومبێلان خاوێن بکەنەوە.لێم ناپرسی چۆن چۆنی بێ بازاڕییەکەی گەیاندە ئەو بازاڕە بەهەرمێنە؟!

گوتم مامە چۆن چۆنی بوو؟

جەلال خۆی ئەوهای بۆ گێڕامەوە:شوفێرێکی مونشەئەم دەناسی لەو هێڵەی پایتەخت هاموشۆی دەکرد، جارێکیان لایدایە چێشتخانەکە و سەرنشینەکان بۆخۆیان دانیشتن، منیش وەک بۆ هاتن شوفێری ناسیاوم تی کردەوە و لەپشت مێزێکەوە دانیشتین و ڕام سپارد خواردنێکی تایبەتی بۆ بهێنن و جغارەیەکی ڕۆسمانیشم دایێ، هەر دەمودەست بیرۆکەیەک لەکنم سەری هەڵدا و پێم گوت فلانی هەر چەند کەڕەت لە چێشتخانەکەی من لابدەیت، خۆت و سەکنت لەسەر حیسابی چێشتخانە بە دڵ و خواستی خۆتان نان دەخۆن، جگە لەمەشیان بۆ هەر لادانێک دوو پاکەت ڕۆسمان، یان گرێڤن، یان سۆمەری ڕەش وەردەگرن، ئەوەی لەتۆشم دەوێت بیرۆکەکەم لە تەرمینالّ بۆ شوفێرەکانی ئەو هێڵە باس بکەیت، هەر لەمڕۆشەوە شوێنێکی تایبەت بۆ شوفێران و هاوکارانیان جودا دەکەمەوە، بەدووری مەزانە مانگانەش شتێک پارە بەهەر شوفێرێک بدەم.

ئیتر ئەم بیرۆکەیە بوو گەیاندییە ئەو بازاڕە بەهەرمێنە، ئێستاش دەترسم هەمان تەماحی گۆڕینیان لە چێشتخانەکەی کردبێت و یەکێکی تەماحکار لێی پەیدابووبێت و لێی کڕیبێت، ئەگەر تووشی بەزمێکیان نەکردبێت، ئەوە دیارنەمانەکەی ئەوەیە لە گەڕان و سووڕاندایە بەدوای جێگە و شوێنێکەوە بەکەڵکی چێشتخانە بێت، بۆیە خەبەری لە ئێوە بڕاوە، دەخوازم

تەنیا تەماحیان لە چێشتخانەکەی کردبێت، دنیا خراپ بووە و متمانەش نەماوە. ئەو وشانەی دوایی کە قسەکانی پێ خەتم کرد، ختوورەیەکی خستە دڵمەوە، ترسی ئەوەم لێ پەیدا بوو مامەم شتێک دەزانێت و لێمی شاردۆتەوە، یان دڵی بۆ مەزەندەی خراپ چووبێت. چوونەکەم هیچی لێ شین نەبوو، زانیم دروونەی هیچ ئومێدێکیشم بۆ ناکات، شوێنیش نەمابوو لێرە و لەولا بۆی نەگەڕێم و سەری پێدا نەکەم، هەر ئەوەم بۆ مابۆوە سەر بە شارە مێروولەکاندا بکەم نەوەک بە بارمتە بۆ فەردە برنجێک بۆ زەخیرەی زستانێ دزیبێتیان، نەشبووبوو و نەشم بیستبوو لە ئاسمانەوە خەڵکانێک بە دەفرە فڕندەکانەوە دابەزیبێتن و خەڵکانی پێویستیان فڕاندبێت و باوکیشم لەگەڵیاندا بەرلێشاوی ڕاپێچکردنەکە کەوتبێت.

ئیزنم لە مامەم خواست و بەرەو خورماتوو بە بارگەی غەمی پڕەوە گەڕامەوە، بەڕێگاکەدا بیرم لە مەبەستی گوتنی بێ متمانەیی مامەم کردبۆوە کە لە کۆتایی قسەکانیدا کردی، پێم وابوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شتێکی ڕاستەوخۆی پێ گوتم، تا گەیشتمەوە پێش چێشتخانەکەی تاموبۆ، دەیان، بگرە سەدان بێنەو بەردەو تەتەڵەم بۆ کرد و لەگەڵ خۆمدا گوتم ئەگەر باوکم سۆراغی پەیدا نەبووبێت، بەردێک دەهاوێمە ئەو گومانەی کە بێ متمانەییەکە لە مێشک و دەروونمدا چەکەرەی پێ کردبوو.

زۆر ئاساییانە وەک ڕۆژانی پێشووم، وەک هیچ نەهاتبێتە پێشێ، چوومە چێشتخانەکە و سۆسەی ئیشوکارەکانم کرد، سەرم بە شوێنی چێشت لێناندا کرد و کەمێک خۆم لەوێ گنخاند، پاشان چووم لەو شوێنەی کە جەلالی چێشتخانە لێی دادەنیشت، دانیشتم و لە ناوەوەی خۆشمدا ڕێگە و پلانم بۆ ئەو هەنگاوەی کە مەبەستم بوو بیهاوێم، کارم بۆ دەکرد، هەر کەلەشەکەم لەوێکانە مابۆوە، ئەگینا مێشکم ڕۆیشتبووە ئەو شوێنەوە کە بەیانییەکەی بۆی چووبووم.

***

بەیانییەکەی ڕۆژی پاشترێ بوو، لە بنکەی پۆلیسی بەشی نەهێشتنی تاوانی شارۆچکەکە لەبەردەم ئەفسەرەکە قسەی خۆم کردبوو و گومانەکەم لە پێشی بەگۆڕێ وەرکردبوو، کە غەمی خۆم بە ئەو گەیاند، گەڕان و سووڕان و سۆراغکردنەکانم بە دوای باوکم تا لا بە لا کەوتنی لێکۆڵینەوەکە ڕاگرت، لەوەتەی ئەفسەرەکە لەبنکەی پۆلیس لە هۆبەی نەهێشتنی تاوان دەستبەکار بووبوو، خەڵکی شارۆچکەکە و دەور و بەرەکەی خەویان خۆشتر بووبوو و پشتێن و قایشیان شلتر کردبۆوە، دزو جەردە و پیاو خراپ و ڕێگرەکانیش ناوکیان کەوتبوو.

یەک ڕۆژ بوو گومان لێکراوەکە گیرابوو، لە بنکەکەوە ئاگاداریان کردمەوە سەردانیان بکەم، دوای بەخێر هێنانم یەکسەر گوتی:گومانەکەت بە پلەی یەقین گەیشت، چەند چرکەیەک بێ دەنگ بوو، پاشان دەستی بە قسان کردەوە، پیاویان گوتووە لە کارەساتان خۆڕاگربێت، هێمنی و ئارامی لەدەست نەدات، هەموو ئادەمییەک کە بوو، مردنێکی لەسەرە و دەبێت زوو، یان درەنگ بیبینێت، جا بەهەر شێوەیەک بێت مردن هەر مردنە، یەک بە نەخۆشی و یەکێک بە کارەسات و ئەوی کەیان بە خنکان و هەندێک بە سووتان، یان مەرگی موجافات، من و تۆش ئیمڕۆ، یان سبەینێ ئەو قافڵەیە ڕاپێچمان دەکات.

خۆم لەگەڵ پۆلیسەکانم لێی چوومە ژوورەوە و داوام لە پۆلیسێکم کرد پانتۆڵەکەی پێ دابکەنێ و بتڵێکی کۆکا کۆلای تێ ببڕێت، هەر ئەوەندەم گوت، دەتگوت پارچە جلێک بوو بە تەنافی جل هەڵواسینەوە بوو، کەوتە خوارەوە و ڕمایە عاردەکە و دەستی بە گریان کرد و هاواری کرد وام لێ مەکەن، چیم کردووە، چۆنم کردووە، پێی لێ دەنێم.

لە شێوەی دەسپێکردنی قسەکانی، زانیم کار لە کار ترازاوە، قسەکان دەتگوت چەقۆیەکی کولەو بە نێو جەرگ و دڵمدا دەیهێنن و دەیبەن، هەستی بە ڕەنگ و هەناسە سواربوونم کرد، بێ دەنگ بوو و هەڵسا و دەستێکی خستە سەر شانم و بە دەستەکەی دیشی، دەستێکی گرتم و گوتی:پیاو هی کاتی کارەسات و تەنگانەیە، پیاو لە کاتی تەنگانان دەردەکەون، پێویستە لەو تەنگانەیەدا لەو موسیبەتەدا خۆڕاگربیت، تۆ کە کوڕی گەورەیت، ئێستا پێت نایە قۆناغێکی کەوە، دەبێت بزانیت چۆن لەگەڵ ئەو پێشهاتەیەدا هەڵسوکەوت بکەیت و نەیدۆڕێنیت.

دەست لەسەر شان دانانەکەی و دەستگرتنەکەی ڕێی لێ گرتم لە باوکەڕۆ بدەم، وەک برا گەورەیەک چەند خولەکێک لەو شێوەیەدا مایەوە، هەناسە لە سنگمدا توند دەبوو و گیری دەخوارد وەک ئەوەی دەستیان لە هەوکم نابێت، بەڵام شل و پەیتییەکی بدەنێ، هەناسەم ئەوها دەدا، پاش ئەو چەند خولەکە نیمچە هێوربوونەوەیەک بە هەناو و لەشم داهات، ئەفسەرەکە گەڕایەوە شوێنەکەی، پاشان پێی گوتم: دەتەوێت هەندێک لە قسەکانی

تاوانبار بزانیت، بەڵێ ئەی بۆچی هاتووم.

ئەمە ڕێک دان پێدانانی ئەوە بێ کەم و زێدە:

کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی چێشتخانەکەی وەستام...

وەستات کێیە؟!

جەلالی چێشتخانە.

دەستبەسەر داگرتنەکە وەک هەناسەکانم کە ژیانم پێیانەوە ڕاوەستاوە و ناتوانم دەسبەرداریان ببم، ئاوا دەمێک بوو بیرۆکەکە جۆخینەی لە نێو مێشکمدا کردبوو و گرێ کوێرەیەکی ئەوتۆی لە کەللەم گرێ دابوو، بەهیچ شێوەیەک خاوبوونەوەی نەبوو، بگرە سات بە سات پتر شەتەک و قایمتر دەبوو.

ڕەچاوی ئەوەم لەخۆ دەکرد هەناسە لە قورگ و سییەکانم گیربووبوایە و بوەستایە، خوێن لە سووڕان و هاتوچۆی نێو لەشمدا ڕاوەستایە، کەچی دەسبەسەرداگرتن و داگیرکردنی چێشتخانەکە پەتایەک بوو نە وازی لێ دەهێنام و نە بەری دەدام، شەیتان چۆن لە فریودان و بەلاڕێدابردنی باوەڕپێکراوان دەست هەڵناگرێ و کۆڵ نادات، ئەوها شەو و ڕۆژ لە فیکری ئەو کارەدابووم و بەری نەدەدام، تەماح پێی کردم، شەیتان تیخ تیخەی دام و دەستی لە پشتی دام و تا ئەو زەللەیەی پێ کردم و زەفەری پێ بردم.

شێت بووبووم، کوێر بووبووم، ئەقڵم لە دەست دابوو، حەموودی شاگردیشم هەڵخەڵەتاند و تەماحگیرم کرد، گفتم دایێ کە چێشتخانەکەم بە هەرزان هەڵگرتەوە و لەبن دەستم دەرهێنان، چارەگێکی بێ بەرانبەر بێ حەق و حیساب لەقەبەڵ بکەم، بە گوێرەی پلانەکەم لە نیوەڕۆیەکی درەنگی ئەو ڕۆژە کە ئەو حەلان لەبەر گەرما هاموشۆی ترومبێلان کەم دەبۆوە، بە وەستام گوت بچین هەندێ مەڕ و بزن و گیسک و پەلەوەر بکڕین، کە جار جارە ئەو کارەمان بەیەکەوە کردبوو، سواری پیکابە هەشتا و پێنجەکەی خۆی بووین و من لێم خوڕی، لەو شوێنەی کە لەگەڵ حەموودی لەسەری ڕێک کەوتبووین هەڵمگرت و وەستا جەلال کەوتە مابەینمانەوە، ڕووە و ئەو دەشتەی ڕۆژهەڵاتەوە نیو کاتژمێرێک لە شارۆچکەکە دوور کەوتینەوە، وەک تەگبیرم بۆ حەموودی کردبوو، نەیهێشت وەستا هەست بە هیچ بکات، کێردێکی لەلای ڕاستی ملی چەقاند و لەلا ملی چەپەی دەرچوو، یەکسەر شادەماری ملی بڕا، بە حوجەتی لێدانەکەوە سەری کەمێک بۆلای من هات و هەر ئەوەندەی بلێی یەک و دوو سەری کەوتە کۆشیەوە، نیو کاژمێرێکی کەش لەو دەشتە کاکی بە کاکییە هاژوام، ڕۆژی پێشتریش ڕێگا و شوێنەکەم بەسەرکردبۆوە، بە هەردووکمان چاڵێکمان هەڵقەند و چۆلەکەش لە دەشتەکەدا جریوەی نەدەهات، جەلالی چێشتخانەمان تێخست، وەک لە فیلمان دیبووم، عارەدەکەمان ڕێکخستەوە تا بۆم کرا ئاسەواریم بڕی، وەهام لە چاڵ نا کە گورگ و ڕێوی و چەقەڵیش بۆنی نەکەن و نەیدۆزنەوە و دەری نەهێنن. پێشەوەی بگەڕێینەوە چێشتخانەش، پیکابەکەمان جوان شووشت و نە بامان دیبوو و نە باران.

لێرەوە پەرەقاقەزەکانم ڕووە و ئەفسەرەکە پاڵدایەوە، چونکە کارم بە قسەکانی دی نەمابوو، هەناویشم سەماوەرێک بوو دەکوڵا و گیزە گیزی دەکرد، وەلێ دەبوو لەوێندەرێ زۆر لە خۆ بکەم و خۆم ڕابگرم.

کارەساتی ڕووداوەکە بە کون فەیەکونێک بووە دەنگی تۆپەکەی بەربانگی ڕەمەزانی سەردەمانی زووی شارەکەی جەلالی چێشتخانە و بە نێو شارۆچکەکەدا بڵاوبوویەوە و دانیشتوانەکەی تاساند و ترسی پێ گەیاندبوون و خەویان ناخۆش و تا درەنگانێکیش وێردی سەرزارانیان بوو.

بۆ ئێمەش زامێکی گەورە بوو، کاریگەریەکەی بە سفتوسۆبوو، ئەفسەرەکە گوتەنی دەمزانی مردنەکەیەو بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئەجەل، وەلێ چونکە غەدرێکی گەورەبوو بە دەستی کەسێکیش کە یاوەر و باوەڕپێکراوی خۆی بوو، ئێش و ژانەکەی لێمان قووڵتر و گرانتربوو، ئەو کەلێنەی کە لەدوای خۆیەوە دروستی کرد، ئێش و زامەکەی لە مێشک و جەستە و هەڵسوکەوتی ژیانمانەوە ڕۆژانە ئاسەواری پێمانەوە دیاربوو، لەمەڕ ئاشکرابوونی دەستی ئەنقەستی ڕووداوەکە لێرەو لەوێ، لەم لاو لەولاوە قسەم بەرگوێ دەکەوت کە کەسوکاری تاوانبارەکان پاکانەی خۆیان ناڕاستەوخۆ و بێبەری بوونیان دوور و نزیک ڕادەگەیاند کە دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەبوویێت.

شەش مانگ بوو کە بێ جەلالی چێشتخانە، ژیان و گوزەرانمان لە بۆشایی و کەلێنێکی گەورەدا بەڕێ دەکرد، هەواڵم لە دۆستەکانی پایتەختەوە پێگەیشت کە لاشەی جەمیلی دەستە ڕاست و حەموودی شاگرد، پاش لە سێدارەدانیان، کەسێک خۆی لێ نەکردوون بە خاوەن و لە پزیشکی دادوەری، شارەوانی لاشەکانیانی گۆڕ بە گۆڕ کردبوو.

**١/٤/ تا ٢٠١٨/٦/٢٥**